نابێـت هیچ یەکێکتان بە یەک پۆشاکەوە نوێژ بکات بەشێوەیەک هیچ شتێك شانەکانی دانەپۆشێـت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێـت هیچ یەکێکتان بە یەک پۆشاکەوە نوێژ بکات بەشێوەیەک هیچ شتێك شانەکانی دانەپۆشێـت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەو کەسەی کە بە یەك پارچە پۆشاکەوە نوێژ دەکات؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە کە شانەکانی ڕووت بێت بەشێوەیەك هیچ شتێکیان بەسەرەوە نەبێت کە دایان بپۆشێت، ئەگەرچیش شانەکان بەشێك نین لە شەرمگە؛ بەڵام داپۆشینیان ئاسانترە لە داپۆشینی شەرمگە، وئەمە نزیکترە لە بەشکۆدانان و مەزندانانی الله -سبحانه وتعالى- لەکاتی وەستان لە بەرامبەری لە نوێژدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10639